ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ZAGROS WEBSITE

# سەربازێکی ئەمریکی چیدی نایەوێ هاوڵاتیانی عیراقی بکوژێ

ئا: کمال سەرگەڵوویی

١٠-١٢-٢٠٠٤



سەربازێکی ئەمەریکی دانی نا بەوەدا کە لە خزمەتی سەربازی لە عیراقدا ڕایکردووە، ئەو وەکو خۆی دەڵێ بۆیە ڕیزی سوپای ئەمەریکای بەجێ هێشتووە چونکە نایەوێ بەشداری لە کوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنی بکات، عەریف هیترمان ٢٦ ساڵە و لە میانەی وتەکانیدا لەبەردەم لیژنەی کۆچ و بارودۆخی کۆچەرییان لەوڵاتی کەنەدا کە ئێستا چاو بەداواکاریەکەیدا بۆ پێدانی مافی پەنابەری سیاسی دەخشێننەوە وتی: "ئەزانم کە ئێمە هاوڵاتییە مەدەنییە بێتاوانەکان دەکوژین، لەبەرئەوە لە خزمەتی سەربازی هەڵهاتم تا بەشداری نەکەم لەو کارانە". هەروەها ڕایگەیاند کە یەکێك لەسەربازەکانی یەکەکەی ئەوان لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٣ دا زیاد لە ٣٠ کەسی لە خاڵێکی پشکنین لەبەغدادی پایتەخت کوشت.

هیترمان دەگێڕێتەوە کە ئەو شایەتحاڵی ٤ ڕووداوی ئۆتۆمبێل بووە کە ڕووبەڕووی هێرشی گوللە بوونەوە بەڵام دوای ڕووداوەکەو پشکنینی ئۆتۆمبێلەکان هیچ بەڵگەیەك نەدۆزرانەوە کە بیسەلمێنێ غەیری خەڵکی مەدەنییان هەڵگرتبێت. لە درێژەی قسەکانیدا عەریف هیترمان کە لە کەتیبەی ٢٨ی هێزی ئاسمانییەو بەشداری شەڕی ئەفغانستانیشی کردووە دەڵێ: " پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠١ لە سوپای ئەمریکادا بوومە سەرباز هەستم کرد کە ناتوانم مرۆڤ بکوژم".

هیترمان ڕاستەوخۆ پاش هەڵهاتنی لە خزمەتی سەربازی لەگەڵ ژنەکەی و کوڕەکەی سەفەری بۆ کەنەدا کردو داوای مافی پەنابەری سیاسی لەو وڵاتە کردو جەختی لەسەر ئەوەش کرد کە ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا ڕووبەڕووی نارەحەت کردن دەبێتەوە.

شایانی باسە کە لە ٩ی ٤ی ٢٠٠٣ ڕۆژی داگیرکردنی عیراقەوە سەدەها سەربازی ئەمریکی لەئەنجامی زیادبوونی هێرشی چەکدارە نەیارەکان لەخزمەتی سەربازی ڕایانکردووە.

<u>سەرچاوە:</u>

- ئا. ف. پ

- ئیسلام ئۆنلاین. تورینتو ( کەنەدا).